ڤیان مایی:

# له دهۆک هۆڵێکی سینەما هەیە داخرابا باشتر بوو



**دوای سەرکەوتنی فیلمی (کەڤوکا سپی) کە لە دەرهێنانی خاتوو ڤیان مایی بوو و سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا، ئێستا ڤیان مایی خۆی ئامادە دەکات بۆ دەرهێنانی فیلمێکی تر کە لە گۆرانییەکی کولتووری کوردی بە ناوی خورشیدی چاو بەخاڵ وەرگیراوە و هونەرمەندی گۆرانیبێژی دەنگخۆشی باکووری کوردستان (دیار دەرسیم) رۆڵێکی سەرەکی تێدا دەبینێ، لە پاڵ ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندانی پارچەکانی کوردستان کە هەندێکیان لە دەرەوە هاتوونەتەوە بۆ بەشداری کردن لەم فیلمە.**

**ڤیان مایی لە بارودۆخی ئێستای سینەمای کوردی رازی نییە بۆیە ئێمەش بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بکەین.**

**دیمانە: دارۆ**

*** یەکەم فیلمت بەناوی چی بوو؟**

ـ یەکەم کاری من کورتە فیلمێك بوو لە سوید، سینەمایی نەبوو، بەڵکو لەبەشی فیلمسازی کۆمۆنیکەیشن وەکو گروپ کە چەند کەسێك بووین فیلمەکەمان بەرهەمهێنا بەناوی نامە، کە هاتمەوە کوردستانیش یەکەم فیلمی من ناوی (مەرگ و نامووس) بوو.

***سینەمای کوردی چۆن دەبینی؟**

ـ فەوزایە، فەوزایەکی زۆر گەورە هەیە، ئیش هەیە لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان، بەڵام بەبێ رێکخستن وەك شتێك بەبێ چاودێری.

*** کێ بەرپرسیارە لەو فەوزایە؟**

ـ هەموومان بەرپرسیارین، بۆ نموونە لەهەر شوێنێك ئەگەر کەسانی دڵسۆز هەبن و دەست بخەنە ناو دەستی یەك، چارەسەری فەوزا دەکرێت، چونکە هەر ئێمە فەوزا دروست دەکەین و چارەسەریش لای ئێمەیە، ئەوە سێ ساڵ دەبێت لەگەڵ چەند هاورێیەك پرۆژەیەکمان پێشکەش کردووە بە وەزارەتی رۆشنبیری، وەڵامیان نەداینەوە و هیچ بایەخیان پێ نەداوە. ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین و نەوەستین لە



هەوڵدان. ئەوەش چەند هۆکارێکی هەیە لەوانە ئێمە نازانین کە نەزانین هەروەها بەرگەی رای یەکتر ناگرین، ئەوانەی لە وەزارەتی رۆشنبیرین پسپۆر نین لەو بوارە و بڕیار لەدەست کەسی پسپۆردا نییە. دەبێت پەیمانگایەك هەبێت و لەچەند بەشێك پێك بێت و کەسی بەرپرسیار و شیاو بەڕێوەی ببات. لەپرۆژەکەمدا ئەوەم باس کردووە و پێشکەشی وەزارەتم کردووە و بەشێوەیەکی جوان و ڕێك و پێك نووسیومە. جگە لەوەش پێشکەشی چەند کەسێکمان کردووە لەگرووپی رۆشنبیری پەرلەمان. ئەو سیستەمەی ئێستا هەیە هیچ باش نییە و بەرەو خراپترمان دەبات. دژی ئەو سیستەمەم و پێمباشە پەیمانگا هەبێت لەوەزارەتی رۆشنبیری یان هەر شوێنێکی دیکە بۆ بەرەو پێشبردنی زمان و سینەما و کەلەپور و کەسی دڵسۆز و پسپۆر کاری تێدا بکەن.

*** تاچەند هیوات ماوە بۆ ئەوەی وەڵامی پرۆژەکەت بدرێتەوە؟**

ـ وەك وتم خۆم پرۆژەم پێشکەش کردووە و لەبەر دەستی وەزیر دایە. هیچ وەڵامی نەبووە، پێچەوانەی پرۆژەکە بڕیار و پێشنیار دەردەکەن، زیاتر رۆتین دروست دەکەن.

*** تۆ لەگەڵ ئەوەدای سینەماکاران بەرپرسیاریەتی وەربگرن لەوەزارەتی رۆشنبیری؟**

ـ هەردوو لا هەڵەن، چەند جار وتوومە و دڵنیم ئیشی وەزارەت دروستکردنی فیلم نییە. لەدنیادا وەزارەتی کولتوور کاری پشتیوانیکردنی کولتوورە، کاتێك دەبینێت وەزارەتی رۆشنبیری سوود لەکادیری سینەمایی لە دەرەوە یان لەزانکۆ وەربگرێت. پشتیوانی بکات لە کۆمپانیا سینەماییەکان و کار بکەن بۆ ئەوەی فیلم کۆپی نەکرێت. نەك سینەماکار ببنە کارمەند. ناڵێم با سینەماکار ببنە بەڕێوەبەری گشتی لەبەر ئەوەی ئەوە ئیشی سینەماکار نییە لەپشت مێز بوەستێت.

پێویستە وەزارەت بەشێك لەپارەی خۆی دابنێت بۆ دروستکردنی هۆڵی سینەما و پێگەیاندنی کادیری سینەمایی و سازدانی فیستیڤاڵ و هاوکاریکردنی کۆمپانیاکان. تا ئاسانکاری بکات نەك پرۆژەی هەندێك کەس قبوڵ بکەن و هی هەندێك کەسیش نا. تا ئێستا وەك ژنێك لەوەتەی هاتوومەتە کوردستان چوار فیلمم دروستکردووە، چوار دینارم وەرنەگرتووە.

***بەڵام زۆر سینەماکار هاوکاریان کراوە پێتوایە بۆچی تۆ بێبەشکراوی لەمە؟**

ـ ئەوە بەشێکە لەو فەوزایە. یەکێکی فارس دێت فیلمێك دروست دەکات وەزارەت دەبێتە خزمەتکاری، بەڵام کە ڤیان مایی فیلمێك لەسەر کەلەپور و جوانی کوردستان دروست دەکات یەك نامەشی پێنادەن بۆ وێنەگرتن.

***پێتوایە تاکەی ئەو فەوزایە بەردەوام دەبێت؟**

ـ هیواداریـن و هەوڵ دەدەین، هەوڵدان بۆ من ژیانە، هەرگیز بێدەنگ نابم ئیش و کارم سینەمایە و لەبەر ئەوەش لەخەبات بەردەوام دەبم. باوەڕم وایە خەڵکی دیکەش هەیە وەك من . **زۆر کەس وتوویانە هێشتا نەگەیشتووینە ئەو قۆناغەی سینەمامان هەبێت، ئەوان هەڵەن لەبەر ئەوەی میللەتی ئێمە زۆر حەز لەسینەما** دەکات و عاشقی سینەمان.

***شاری دهۆك چەند هۆڵی سینەمای هەیە؟**

ـهیچ هۆڵی سینەمای لێ نییەو تەنیا یەکێکی کۆن و نارێك هەیە زۆر بێسەروبەرە، ئەگەر داخرابا زۆر باشتر بوو، لەبەر ئەوەی تەنیا ناوەکەی سینەمایە و هۆڵێکی تاریك و خراپە و فیلمی خراپی تێدا نمایش دەکرێت کە سومعەی سینەما خراپ دەکات بەوەش سینەما لەبەر چاوی خەڵك ناشرین دەبێت. فیلمی ناشیاو لێدەدرێت خەڵك بەچاوێکی تر سەیری سینەما دەکات ئەوە سێ ساڵە داوای پارچە زەوییەك دەکەین بۆ دروستکردنی هۆڵێکی سینەمایی، ئەگەر هۆڵەکە دروست ناکەن با ئەوەی ئێستا هەیە دابخەن ئەگەر گوڵ نەبێت با دڕکیش نەبێت با ئەو سینەمایە دابخرێت تاکو سینەما لەبەر چاوی خەڵك ناشرین نەبێت.

***چەند ڕێزلێنان و خەڵاتت وەرگرتووە؟**

ـلە شاری لەندەن لەناو هەموو فیلمەکانی باشوری کوردستان کە وەزارەتی رۆشنبیری پارەی داوە، تەنیا فیلمەکەی من خەڵات کرا، زۆر جار لەوڵاتانی ئەوروپا داوەتنامەم بۆ هاتووە. لە دوبەی بە جلی کوردی چووم بە زمانی کوردی قسەم دەکرد و بەناوی کوردستان بەشداریم کرد. لەکوردستانیش خەڵاتی جۆراوجۆرم بەدەست هێناوە. بەڵام ئەوەی لای من لەخەڵات گرنگترە ئەو فیستیڤاڵە نێودەوڵەتیانەی کاتێك وەك ژنێکی کورد بەشدار دەبم لای من زۆر گەورەیە، بۆ نموونە فیستیڤاڵی مالموێ لە سوید کە جیهانییە، یەکەمجار بوو ژنێکی کورد بەشدار بێت لەو فیستیڤاڵە.

***دەکرێت هەندێك زانیاریمان بدەیتێ دەربارەی نوێترین فیلمی خۆت؟**

ـ فیلمێکی درێژە، 90 خولەکە، لەسترانی کەلەپوری کوردی خورشیدی چاو بە خاڵ دروست بوو. دیار نییە ناوی چییە ناوێکی سیمبولی دەبێت.

***چۆن بوو دیار دەرسیمت هەڵبژارد؟**

ـ حەزم کرد هونەرمەندێکی ناودار بەشدار بێت، هەستم کرد رۆڵی خورشید لە دیار دێت، کاتێك دیارم بینی هەستم کرد کە دەتوانێت رۆڵی خورشید بەرجەستە بکات.

***ئەی بۆ نازدار بەشداری نەکرد؟**

ـ بڕیار بوو بەشداری بکات، بەڵام هەندێك هۆکار هاتنە پێش و ڕێکنەکەوت. حەزم دەکرد بەشدار بێت، دواتر کەسێکی دیکە جێگەی گرتەوە.

*** کەی کۆتایی بەکارەکانی فیلمەکە دێت؟**

- ئەوەی ماوە تەنیا موزیکە و نازانین کەی تەواو دەبێت.

**تا ئێستا وەک ژنێک لەوەتەی هاتوومەتە کوردستان چوار فیلمم دروستکردووە، چوار دینارم وەرنەگرتووە**

**زۆر کەس وتوویانە هێشتا نەگەیشتووینە ئەو قۆناغەی سینەمامان هەبێت، ئەوان هەڵەن لەبەر ئەوەی میللەتی ئێمە زۆر حەز لەسینەما دەکات و عاشقی سینەمان**



### حەمە رەئوف کەرکوکی بۆ گوڵان:

# بایەخدان بە نوێخوازیی لەهونەردا بایەخدانە بەو مەرجەعیەتەی کە رۆشنبیری فیکری فراوانتر دەکات



***هونەرمەند محەمەد رەئوف کەرکوکی لەساڵی ١٩٥٦ لەیەکێك لەگەڕەکەکانی شاری کەرکوك لەدایك بووە. لەساڵەکانی هەشتاکانەوە لەناو ئاهەنگی قوتابخانەکاندا گۆرانی وتووە تا لەساڵی ١٩٨٦یەکەمین گۆرانی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمارکردووە بەناوی (شەوانە) لەشیعری مامۆستا هێمن. لەدوای راپەڕین لەشاری سلێمانی نیشتەجێ بووە و بەردەوامی بەکاری هونەری داوە. یەکەمین گۆرانی لەسلێمانی بەناوی (ئەی خەجی خەجان) تۆمارکردووە. سیدییەکانی بریتین لە (ئاسەوار و ناڵەی دڵ و سیاپۆش) خاوەنی کاسیەتی عاشقی بێ دڵە. چەندین کۆنسێرتی ساز کردووە لە وڵاتانی ئەوروپا. حەمە رەئوف کەرکوکی بەمشێوەیە بۆ گوڵان دوا.***

***ئا» سۆزان عەلی»***

*** بۆ یەکەمجار چوویتە سەر شانۆ هەستت بەچی کرد؟**

- بۆ یەکەمجار لەساڵی 1970 لە ئامادەیی ئیمام قاسم یەکەمین گۆرانیم پێشکەشکرد. گۆرانی وەك قومری سەرباڵم شینەی مامۆستا حەسەن زیرەك-م پێشکەش کرد، بەبێ ئەوەی هیچ ئامێرێکی موزیکم لەگەڵدابێت، ئەوە بۆ من زۆر خۆش بوو، چونکە مامۆستایان و قوتابیانی ناو هۆڵەکە بەچەپڵە رێزان پێشوازیان لێکردم، ئەو کات بیرم کردەوە کە پێویستە زیاتر خۆم ماندوو بکەم بایەخ بە گۆرانی وتن بدەم بۆ ئەوەی وەك هونەرمەندێك دەرکەوم و لە پاشەڕۆژدا بتوانم خزمەت بەمیللەتەکەم بکەم.

*** چۆن وەسفی هونەری کوردی دەکەیت؟**

- لەهەموو سەردەمێکدا هونەر تام و چێژی خۆی هەبووە بەپێی ئەو سەردەمەی کەهونەرمەندی تێدا ژیاوە. هونەر لە رابردوودا هونەرێکی خاوێن بووە، لەسەرچاوەیەکەوە دروستبووە کەکاری هونەری گەشەی تێدا کردووە و بەرەو پێشەوە چووە. ئەگەر

بەراوردێکی پێبکەین بەو هونەرەی ئەمڕۆ هەیە. قۆناغێکی باشی بڕیوە بەو مەرجەی ئەمرۆ ئەو هەموو هۆیانەی تەکنۆلۆژیا هەیە، بەڵام ڕەنگرێژی بۆ کارەکان ناکرێت، ئەوەی دڵسۆز بێت هەستی هونەری تێدا بێت دوورە لە لەخۆی باییبوون هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات کە هونەری میللەتەکەی بپارێزێت و دووری بخاتەوە لە شێواندن بۆ ئەوەی تواناکانی زیاتر بخاتە گەڕ بۆ زیاتر خزمەتکردن.

*** ماوەیەکی باش لەگەڵ ئاڤان جەمال کاری هاوبەشتان کرد ئایا بەردەوامن؟**

- هونەرمەند ئاڤان جەمال خاوەنی دەنگێکی بەتوانایە و کەسایەتیەکی بەرزی هەیە، هەروەها کاتێك رووبەڕووی خەڵکی گۆرانی دەڵێت جورئەتێکی باشی لا دروست دەبێت و دەتوانێت سەرنجی خەڵکی بە دەنگە خۆشەکەی راکێشێت بەلای خۆیدا. دەتوانێت لە گۆرانی دووانی باش دەنگی خۆی لەگەڵ مۆسیقا تێکەڵ بکات. هەر لەبەر ئەوەشە کۆنسێرتمان سازکردووە لەشارەکانی سلێمانی و کەرکوك بەردەوام دەبین، ئێستا بە نیازین لە شارەکانی هەولێر و دهۆکیش کۆنسێرت ساز بکەین، ئەگەر بە دەنگمانەوە بێن و هاوکاری بکرێین.

*** لە سەر کام جۆری شیعر و تێکست کاری هونەری دەکەیت؟**

- هەمیشە پێم باش بووە لەهەردوو جۆری تێکستی کلاسیك و سەردەم ببێتە بنەمای کاری هونەریم، بەتایبەتی ئەو جۆرە تێکستانەی کە هەندێك وشەی سادەو مانداری تێدایە دەتوانێت هەست و سۆزی مرۆڤ بجوڵێنێت.

*** تاچەند گرنگە هونەرمەند بخوێنێتەوە لەبواری ئەدەبیدا؟**

- پێویستە لەسەر هونەرمەند لە بورای شیعردا بخوێنێتەوە، چونکە خوێندنەوە شارەزایی هونەرمەند دەوڵەمەنتر دەکات لە مانای وشەدا. هەروەها کۆڵەکەیەکی گەورەیە بۆ دانانی میلۆدی. زیاتریش گرنگە کە بایەخ بەو نووسینانە بدات کەلەسەر موزیك و گۆرانی دەنووسرێت، بایەخدان بە نوێخوازیی لەهونەردا بایەخدانە بەو مەرجەعیەتەی کە رۆشنبیری فیکری فراوانتر دەکات ئالێرەدا هونەرمەند دەتوانێت جوانترین دەقی شیعری هەڵبژێرێت بۆ گۆرانییەکانی کە هونەرمەند پێیوایە دەست ناکەوێت.

*** بۆخۆت ئاوازی گۆرانییەکانت دادەنێیت؟ کێ ئاوازدانەرتە؟**

- زۆربەی ئەو گۆرانیانەی کە تۆمارکراوە ئاوازی خۆمن، زۆربەی هونەرمەندان بەلاسایی کردنەوە دەستیان پێکرد منیش توانیم لاسایی ئەو گۆرانیانە بکەمەوە کە کاریگەری لادروست دەکردم، بۆیە دواجار پڕبووم لە ئاوازو توانیم چەندین ئاوازی نوێ بۆ شیعری کلاسیك و نوێ دابنێم، توانیم شێوازێکی تایبەت بەخۆم دروست بکەم. زۆر سوپاسی ئەو ئاوازدانەرانەش دەکەم کە هاوکاریان کردوم بەدانانی ئاواز بۆ گۆرانییەکانم.

*** کام گۆرانیانەت نوێ کردۆتەوە؟**


- زیاتر ئەو گۆرانیانەم نوێ کردۆتە کە دەرچوونم هەبووە لە ئیقاعدا وەك گۆرانییەکانی (سڵاو ئەی خەم، ست خەرامان، سەفەری ئیشق، یاخی بوون).

*** رات چیە لەسەر هەندێك گلەیی هونەرمەندان لەسەر پرسیاری رۆژنامەنووسان؟**

- پێموایە هونەرمەند دەبێت سنگ فراوان بێت بەرامبەر وەڵامەکان ئەگەر بێت و پرسیارەکان زۆر شەخسیش بێت بەمەرجێك پرسیارەکان بەجۆرێك نەبێت رووخێنەربێت و کار بکاتە سەر هونەری ئەو کەسە، چونکە هونەرەکە هی خۆی نییە، هی ئەو میللەتەیە.

*** کورتەیەك لەژیانی خێزانیت و شوێنی نیشتەجێبونت کوێیە؟**


- ژیانی هاوسەریم ئاسایی وەك هەموو خێزانێکی تری ئەم کۆمەڵگەیە دروستکردووە هاوسەریمان لە رێگەی رێکەوتەوە بووە. ئێستا فەرمانبەرم لە سلێمانی، هەربۆیە ژیانیی تایبەتیم لە شاری سلێمانیە، بەڵام بەردەوام سەردانی کەرکوك دەکەم، کوڕ و کچێکم هەیە بەناوەکانی شارۆ و شانۆ.



# تامر.. نەبۆتە باڵیۆزی منداڵان



هونەرمەندی میسـری تامر حوسـنی ئەوەی ڕەتکردەوە کـە بووبێتە باڵیۆزی منـداڵان لە وڵاتە عەرەبیەکان بۆ سـاڵی 2010 و 2011، تامر وتی ئەوە ڕاست نییە و کەس ئاگاداری نەکردومەتەوە کە شتێکی وا هەیە، تەنیا ئەوکاتەی لە مارینا کۆنسـێرتم هەبوو ئـەو هەواڵەم زانی و هیچ شـتێکی دیکە نازانم سەبارەت بەم بابەتە، دوای ئەوەی بڵاوکرایەوە گوایە تامر پڕوپاگەندەی کردووە بۆ خۆی و ئەو نازناوەی بەخـۆی بەخشـیوە، وتـی هیچ پێویسـتم بەوە نییە ئەو نازناوەم پێببەخشـرێت، هەرچەنـدە ئەوە بۆ من شـانازییەکی گەورەیە. بەڵام نازانم کێ ئـەوەی بڵاوکردۆتەوە و بەرپرسـیارە لەو شتە، هیچ زانیاریم لەسەری نییە.



# غادە دەتوانێت بچێتە لەندەن؟

غـادە عەبدولڕازقی هونەرمەند ئەوەی ڕەتکردەوە کـە ناتوانێت بچێتـە لەنـدەن و قەدەغەکراوە لەسەردانکردنی ئەو شارە. غادە لەدیمانەیەکـدا وتی ئەو هەواڵە زۆر بـە خێرایـی بڵاوکرایـەوە و کەسـانێکی زۆریـش باوەڕیان کـرد، بـەڵام ڕاسـتییەکەی ئەو هەواڵە پڕوپاگەندەیە و هیچ ڕاسـت نییـە، ئەوەشـی ڕاگەیاند کە ئێسـتا خـۆی ئامادە دەکات بۆ ئـەوەی بچێتە لەندەن لەسـەرەتای هەفتـەی داهاتوو بۆ کۆتاییهێنان بە وێنەگرتنی زنجیرە درامایەك و دواتر ئەنجامدانی کاری مۆنتاژ بۆ ئەوەی لەمانگی ڕەمەزان پەخش بکرێت.

# براد بێت.. بیر لە وازهێنان دەکاتەوە



ئەکتەری ناوداری ئەمریکی براد بێت وای دەبینێت کە کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بە کاروانی هونەری خۆی بهێنێت و دەرفەت بۆ لاوەکان خۆش بکات بۆ ئەوەی درێژە بەو کاروانە بدەن. براد بێت رایگەیاند کە هەموو ئەو شتانەی بەدەست هێناوە کە خەونی پێوە دەبینی و هەرچەند تەمەنی هونەری زیاتر بێت دەرفەتی ئەنجامدانی کاری هونەری باشتری کەمتر دەبێتەوە. براد بێت کە هاوسەری ئەکتەری جیهانی ئەنجیلینا جولییە و خاوەنی شەش منداڵە، پێیوایە سینەما کاری ئەوانەیە کە گەنجن و ئەویش گەیشتۆتە خەونی خۆی و لەمەودوا رەنگە وەك پێشتر ئەو توانایەی نەبێت بەسەرکەوتوویی کارەکانی ئەنجام بدات.
هەردوو ئەکتەر چەندین کۆشکیان هەیە لە وڵاتە جیاوازەکان و زۆربەی کات منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ سەفەر، لەبەر ئەوەی پێیانوایە ئەوە لەبەرژەوەندی منداڵەکانیان دایە..



## کریستین:
## وەک برێتنی لە خۆبایی نیم

کچە ئەکتەری گەنجی ئەمریکی کریستین ستیوارت رایگەیاند کە زۆر وریای خۆیەتی بۆ ئەوەی نەکەوێتە هەڵەوە و ناوبانگ کاری تێنەکات و نەبێتە هۆی لەخۆبایی بوونی. وەك لەقسەکانی دا هاتووە ئەو ناوبانگەی ئێستا هەیەتی وای لێکردووە زیاتر ئاگای لەخۆی بێت و لەخۆبایی نەبێت وەك بریتنی سپێرز، ئەوەشی ئاشکرا کرد کە زۆر سەرسامە بە جودی فۆستەر و وەك نموونەیەکە بۆ ئەو و زۆر شتی لێوە فێربووە. ئەو باشترین کەس بووە کە کاری سینەمایی کردبێت و سەرنجی بینەری بۆ خۆی راکێشابێت. کریستین ئەوەشی وت کە هەڵسوکەوتی زۆر لە هەڵسوکەوتی پیاوانەوە نزیکە، ئەویش لەبەر ئەوەی لەگەڵ دووبرای گەورە بووە و زۆر یاری بیسبۆڵی کردووە لەگەڵ هاوڕێ کوڕەکانی.



بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504494920 uneri@gulan-media.com

# زۆربەی ئەو گەنجانەی تازە شیعر دەنووسن ئەوەندەی بایەخ بە قژ و ستایلی خۆیان دەدەن ئەوەندە بایەخ بە ناوەرۆکی شیعرەکانیان نادەن

***ئەحمەد محەمەد ئەو شاعیرەی توانیوویەتی خزمەتێکی زۆر بەدنیای شیعر و ئەدەبی کوردی بکات، خاوەنی زۆرترین شیعری گۆرانییەو و هەر بۆیەش زۆرترین شیعری لەلایەن هونەرمەندان کراوەتە گۆرانی، ئەو تەواو لەناو دنیای شیعردا قاڵبۆتەوە، ئەوەی ئەم لە شاعیرەکانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە ئەحمەد محەمەد بە شاعیرێکی لیرکی ناسراوە، ناوبراو لە دیدارێکی گۆڤاری گوڵان هاتە ئاخاوتن.***

***دیمانە : سۆران مارف کەریم***

**لە سالی 1967 لەگەڕەکی کانیسکانی شاری سلێمانی هاتوومەتە دنیاوە، بەلام بیرەوەرییەکانی منداڵیم لەگەڕەکی تووی مەلیك بووە. ئەو سەردەمە منداڵی و گەنجێتیەی ئێمەی پێیدا تێپەڕ دەبووین، زیاتر ئەدەبی بوو تا زانستی، سیستەمی خوێندن و پەروەردەیی لەسەر بنەمای ئەدەبی بوو، لەم ساڵانەی دواییدا زانست گەشەی کرد و زیاتر زانست هاتە ناو کایەکانی ژیانەوە، ئەو زەمەنەی ئێمەی پێیدا تێپەڕ دەبووین ئەدەب دەورێکی باڵای هەبوو، منیش لە خیزانێکی مامناوەند هاتوومەتە دنیاوە، ئەو زەمەنەی بە منداڵیی دەچوومە دوکانەکەی باوکم، زۆر گوێبیستی رادیۆی کوردی کرماشان دەبووم، ئەو کاتە شوکرەڵای بابان لەو رادیۆیە شیعری دەخوێندەوە، زۆر گۆبیستی ئەو شیعرانە دەبووم و ئەمەش پەلکێشی کردم بۆ ناو دنیای شیعر و ئەدەب، هۆگری کردم بەوەی زیاتر گوێ لە شیعر بگرم.**

*** عەشق چ باکگراوندێکی هەبوو لەپشت دەرکەوتنی تۆوە؟**

- راستیەك هەیە ئەگەر بیلێین رەنگە جوانی وشەکان کەم بکاتەوە، لە وڵاتی ئێمە زۆربەی نووسەر و هونەرمەندەکانمان خۆیان سیناریۆ بۆ خۆیان دروست دەکەن بۆ ئەوەی ناسنامەیەك بدەن بە بەرهەمەکانیان، عەشقی بۆ دروست دەکەن، هەمیشە ئەوە دەڵێم ئەو عەشقە راستەقینەیە لە پشت و باکگراوندی کارەکانی مندا نەبوو، تەنها کەسێك بووم عەشقی خۆیدنەوەو ئەدەب بووم، ئەو عەشقەی لای منە عەشقی خۆشویستنی شیعر بوو، دەموویست ئەوەی لەناخمدایە بیخەمە سەر کاغەز، هەتاوەکو (70) بەرهەمی شیعریم کرابووە گۆرانی هیچ چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیم نەکردبوو، عەشق لای من بە پلەی یەکەم نەبوو، ئەو عەشقەی کەمنیش هەمبوو خودی بەرهەمەکە خۆی بووە و خودی شیعرەکە بووە.


*** تا چەند توانیوتە ئەو ئامانجەی هەتبووە بۆ خزمەتکردنی ئەدەب لە شیعر بیهێنیتە دی؟**

- هەوڵم داوە لەو بوارەدا خزمەتی خۆم بگەیەنم، لە تەمەنی (18) ساڵیدا شیعری تەمەنم نووسی، مامۆستای گەورە کەریم کابان کاری لەسەر ئەو بەرهەمە کردوو کردییە گۆرانی، ئەگەر تەماشا بکەین لەو تەمەنەمدا ئەوەندەی کارم لەسەر بیرۆکەی شیعرێکی فەلسەفی کردووە، ئەوەندە کارم لەسەر شیعرێکی عەشق نەکردووە، راستە شیعریی تەمەن شیعرێکی لیرکی سادەیە، بەڵام هەڵگری خەسڵەتێکی فەلسەفییەو ئەو مەرحەلەیەی کەمن ئەو شیعرەم تیانووسیوە، شایەتی ئەوەیە کە کەسێکی عاشق نەبووم، ناشمەوێت بانگەشە بۆ خۆم بکەم و بە زۆر خۆم بکەم بە عاشقێکی سەرسەختی ئەم دنیایەو خۆم بە فەرهادێك بناسێنم، ئەو زەمەنە هاورێکانم نامەی عەشقیان دەنووسی، بەڵام من دەموت (ئەی تەمەنی پڕ ئەسرینم ئەرۆی ئاوڕ نادەیتەوە. لەگەڵ هەموو هەنگاوێکتا لە عومری من دەسڕیتەوە).

*** هەڵبژاردنی تێکستی تەمەن لەلایەن مامۆستا کەریم کابان چۆن بوو؟**

- سەرەتا ئەو شیعرەم لە یەکێك لە گۆڤارەکان بڵاو کردەوە، پاشان ئەو شیعرەم لە نامیلکەی عەشق باراندا بڵاو کردەوە ئەو کات، بە خزمەتی مامۆستا کەریم کابان نەگەیشتبووم تا قسەی لەگەڵ بکەم. خۆشبەختانە موزیك ژەن زانای مەحمود هەژار ئاوازی بۆ دانابوو تاوەکو مامۆستا کەریم کابان کاری لەسەر بکات، کاتێك بە گۆرانییەکە ئاشنا بووم، وەکو هەموو بیسەرێك گوێبیستی ئەو بەرهەمە بووم. بەڕاستی دەتوانم بڵێم هەڵبژاردنی شیعرەکە لە قودرەتی مامۆستا کەریم کابان بوو، لەگەورەیی مامۆستا کەریم کاباندایە، دەتوانم بڵێم یەکێکە لە بەرهەمە نەمرەکانی مامۆستا کەریم کابان، هەرچەندە هەموو بەرهەمەکانی مامۆستا کەریم کابان نەمرن و ئەو دەنگێکی رەسەنی کوردییە، نیشانەی دەنگێکی رەسەنی سلێمانیمان پێ دەڵێت بۆ هەر چوار پارچەکەی کوردستان.

*** زیاتر شاعیرەکانی کورد لەم زەمەنەدا کار لەسەر تێکستی سەربەست دەکەن، کارکردنی تۆ لە بواری لیرکدا بۆچی دەگەڕێتەوە و هۆکاری ئەم شێوازە کارکردنەی تۆ لە بواری**



**شیعری گۆرانی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- ویستم ستایلێك بۆخۆم بدۆزمەوە و شیوازێك بێت کە لاسایی کەس نەکەمەوە و کۆپی کەس نەبم، بە داخەوە هەندێك شیعر هەیە بەس قسە ڕێکخستنەو ناویان ناوە شیعر، ئەم لێشاوەی شیعر وایکردووە کەوا کۆمەڵێك شاعیری دروستکردووە کە هەموویان لەیەکتری دەچن، پێموایە ئەو مەجالەی من کاری تیادا دەکەم، هەستم کردووە لەم بوارەدا بۆشاییەك هەبووە و بە ئامانجی پڕکردنەوەی ئەو بوارە هەوڵم داوە، سەیرم دەکرد لەناو عەرەبەکاندا تێکستی زۆرجوان هەن کەوا بە سەدان ساڵ پێش ئێمە وتراون و شیعرەکانیان نموونەی شیعری غنائیاتن، بەهەمان شێوە بۆ فارسەکانیش. منیش هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە کە بۆ ئێمەی کورد بۆ بەشێوەیەکی جیا لە فۆلکلۆر و بەشێوەیەکی نوێ خزمەتی شیعری گۆرانی کوردی بکەین، هەمیشە ئەم پرسیارەم دەکرد بۆ ئێمەش شیعری جوانمان نەبێت.

*** تۆ تاچەند کەوتویتەتە ژێر کاریگەری شیعری عەرەبی و فارسیەوە؟**

- نەکووتوومەتە ژێر کارێگەری ئەدەبی ئەوانەوە، چونکە زۆر بە زمانێکی کوردی لە بەرهەمەکانمدا دەدوێم، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەدەبی ئەوان گەشەیەکی زیاتری بەمن کردووە و خوێندنەوەیەکی زیاتر و دیدێکی نوێی بە من داوە.

*** تاچەند گەشبینی بەو گەنجانەی ئەمڕۆ کە لە بواری نووسین هەوڵەکانیان چڕ کردۆتەوە، ئەوانە تاچەند ئومێد دەکەیت لە داهاتوودا ببن بە دەنگ؟**

- قسەکردن لەسەر ئەو گەنجە نوێیانە هەروا کارێکی ساناو سادە نییە. تۆ ناتوانیت بە چەند دێرێك خەڵکێك ڕەفز بکەیت و بە چەند دێرێك خەڵکێك بکەیت بە نموونە، ئەڵبەتە کەسێك و وێنەی جوانی پێیە و ڕێزمانی تەواو نییە، کەسێکی تر تەکنیکی جوانی هەیە و وێنەی جوانی نییە، کەسێك موسیقا لە شیعرەکانیدا هەیە، کەسێکی تر مۆسیقا لە شیعرەکانیدا نییە، بەداخەوە ئەو گەنجانەی ئێستا ئەوەندەی بایەخ بە وێنەکانیان دەدەن و ئەوەندە بایەخ بە قژ و ستایلی خۆیان دەدەن لە سایتەکاندا، ئەوەندە بایەخ بە ناوەڕۆکی شیعرەکانیان نادەن و ناخوێننەوە، تەنیا لەڕێگەی سایتەکانەوە نەبێت ڕەنگە شتێك ببینن دەنا تاقەتی خۆیندنەوەیان نییە.

*** ئەو هونەرمەندانەی کەوا کاریان لەسەر تێکستەکانی تۆ کردووە تاچەند توانیوویانە بەقەدەر هەیمەنەتی شیعرەکە ئەدای گۆرانییەکە بکەن؟**

- دەتوانم هەمیشە شانازی بەو کارە جوانە هونەرییانەوە بکەم کەوا توانراوە حەقی خۆی بدات بە شیعرەکەم، بۆ نموونە هەمیشە شانازی بەو بەرهەمەوە دەکەم کەوا مامۆستا کەریم کابان کاری لەسەر کردووە، هونەرمەندان ناسری ڕەزاری و مەرزییە فەریقی و لەیلا فەریقی و دیاری قەرەداغی و هانی و بورهان خۆشناو خالید ڕەشید و کەمال محەمەد و حەمە جەزا کە ئەمانە کۆمەڵێك هونەرمەندی باشن و هەقیان بە بەرهەمەکانم داوە، ببوورن ئەگەر ناوی هەندێك کەسم لە یاد کردبێت و هەندیکێکان خزمەتیان بە شیعری من کردووە، بەڵام هەندێ گۆرانی بێژی تر هەبوون هەم شیعرەکەیان باش ئەدا نەکردووە هەم ئاوازەکەی باش نەبووە، دواتریش بەکلیپێکی ناشرین ئەوەندەی تر شیعرەکەیان کوشتووە.

*** هونەرمەندان زۆرجار هاوکاری کراون بۆ کارە هونەرییەکانیان، لەکاتێکدا ئێوەی شاعیر کارئەکتەرێکی سەرەکی دروستبوونی هەر بەرهەمێکی هونەرین، ئەی ئێوە لەو هاوکارییەی بۆ هونەرمەندان خەرجکراوە، بەشتان هەبووە؟**

- نەخێر هیچ بەشێکم نەبووە، بەناوی شیعرەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام شاعیریش هەبووە بەناوی کلیپ و خوێندنەوەی شیعرەوە سێ چوار دەفتەری بۆسەرفکراوە، لەکاتێکدا کۆمەڵێك شاعیری زۆر باش هەن کە تاوەکو ئیستا یەك لاپەڕەیان نەخراوەتە بەر دەست تا شیعرێکی تێدا بنووسن، هیوادارم لە باسی پارەدا من نەبم بە موحاسبێك بۆئەوەی دەمی پارە وەگرەکان لە من نەکرێتەوە. ئەو وەڵامە لای وەزارەتی ڕۆشنبیرییە نەك من.